Rega Sports
ڕیگا Sports
ژمارە (170) چوارشەممە 2010/8/25 ♦ خەرمانانی 2709 ♦ نرخی (500) دینارە

## شەممەی دادێ..

# شەمەندەفەری یارییەکانی خولی ئیسپانیا لە خۆسێدا بەڕێ دەکەوێو ڕۆژی دواتریش بە (٥) وێزگەدا تێپەڕدەبێو دووشەممەش لە ڤیسنتی کالدیرۆن دەوەستێ





★ فارس سێنارەیی

شەممەی دادێ جارێکی دیکە یارییەکانی خولی تۆپی پێی ئیسپانیا، ناسراو بە لالیگا دەست پێدەکاتەوە، شەممە ٣ یاری بەڕێوە دەچێت، لە یاری دەستپێکدا یانەی ئیرکۆلیس لە یاریگای خۆسێ ریکۆبیرێز میوانداری یانەی ئەتلیك بلباو دەکات، ئەم یارییەش لە کاتژمێر ٧ی ئێوارە ئەنجام دەدرێت، دواتر لە کاتژمێر ٩ی شەو یانەی مەلەگا لە یاریگای لاروز ئەلیدا ڕووبەڕووی یانەی ڤالێنسیا دەبێتەوە، لە دوا یاری ڕۆژی شەممەدا یانەی لیڤانتی لە یاریگای دی ڤالێنسیا میوانداری یانەی ئیشبیلیە دەکات، ئەم یارییەش لە کاتژمێر ١١ی شەو ئەنجام دەدرێت، ڕۆژی دواتریش ٦ یاری بەڕێوەدەچێت، کە چوار یارییان لە کاتژمێر ٦ی ئێوارە بەڕێوەدەچن، لە کاتژمێر ٨ی شەویشدا یانەی ڕاسینگ سانتاندێر لە یاریگای ئەلساردینیرۆ ڕووبەڕووی یانەی بەرشەلۆنەی پاڵەوانی وەرزی رابردوو دەبێتەوە، ڕاسینگ لەوەتای لە ساڵی ١٩١٣ەوە دامەراوە نەیتوانیوە جامی لالیگا بەرز بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یانەیە هەردەم ژمارەیەکی قورس بووە لە لالیگادا، لە بەرامبەردا بەرشەلۆنەی پاڵەوانی ٢٠ جاری لالیگا هەوڵدەدات لە یەکەم یاریدا ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنێ، بەمەش باڵادەستی خۆی بەسەر یانەکانی دیکەی لالیگادا دەسەلمێنێ، بێ شك میسیو ئیبراهیمۆڤیچو پیدرۆو ئەنێستاو چاڤی لەوپەڕی ئامادەباشی دان تاکو بە ٣ خاڵی یارییەکەوە لە سانتاندێرەوە بەرەو بەرشەلۆنە بگەڕێنەوە، چاوەڕوانیش دەکرێ لەو یارییەدا داڤید ڤیاو ئەدریانۆ یاری بکەن، لە کاتژمێر ١٠ی شەویشدا یانەی ریال مایۆرکا لە یاریگای ئونۆ میوانداری یانەی ریال مەدریدی خاوەنی ژمارەی پێوانەیی لە بەرزکردنەوەی جامی لالیگا بە ٣١ جام دەکات، لەم یارییەدا خۆسێ مۆرینهۆی ڕاهێنەری یانەی شاهانە هەوڵدەدات یەکەم ٣ خاڵی ئەم وەرزەیە لەسەر حیسابی یانەی ریال مایۆرکا بەدەست بهێنێ، بێگومان جێبەجێکاری ئەم پلانەی مۆرینهۆش ڕۆنالدۆو ئۆزێل و هیگواین دەبن، لە بەرامبەردا کیتاو ئەنتۆنیو ئۆسکارو گۆنزالۆ بەنیازن بەدەستی بەتاڵ یاریزانانی یانەی ریال مەدرید بەرەو برنابیۆ ڕەوان بکەنەوە، ئەگەر ئەمەشیان بۆ بێتەدی ئەوا حیساباتی مۆرینهۆ لەسەرەتای لالیگاوە تێكو پێك دەدەن، لە ڕۆژی دووشەممەشدا دوا یاری جەولەی یەکەم ئەنجام دەدرێت، کاتێك یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە کاتژمێر ١١ی شەو لە یاریگای ڤیسنتی کالدیرۆن ڕووبەڕووی یانەی خیخۆن دەبێتەوە.

## جامی سوپەری ئەورووپا...

# لەیاریگای لویسی دووەم کامیان دەبێتە میراتگری بەرشەلۆنەو دەبێتە یەکەم ..ئەنتەری ئیتۆو میلیتۆو زانێتی یاخود ئەتلەتیکۆی فۆرلانو ئەگوێرۆ

هەینی دادێ لەکاتژمێر ٩:٤٥ ی شەو لەسەر یاریگای لویسی دووەم لەشاری مۆناکۆی فەرەنسی یاری جامی سوپەری ئەورووپا لەنێوان یانەی ئەنتەرمیلانی پاڵەوانی جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپاو ئەتلەتیکۆ مەدریدی پاڵەوانی جامی یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا ئەنجام دەدرێ، لەم یارییەدا یاریزانانی ڕاهێنەر بینیتێز هەوڵدەدەن سنورێك بۆ تەماعگیری ئەتلەتیکۆ دابنێنو لەبەرزکردنەوەی ئەم جامەیەدا بێبەشی بکەن، جێبەجێکردنی ئەم کارەش زیاتر لەئەستۆی ئیتۆو میلیتۆو مایکۆن و شنایدەرو زانێتی دایە، لەپشتیانەوەش خۆلیۆ سیزاری گۆڵچی دایناوە پلنگ ئاسا پاسەوانی لەگۆڵەکەی بکات، زۆربەی پێشبینیەکانیش بەلای بردنەوەی ئەنتەرمیلاندایە، لەبەرامبەردا یانەی ئەتلەتیکۆ دایناوە سیناریۆی یاری کۆتایی جامی یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا بەسەر ئەنتەردا بچەسپێنێو بەدەردی فۆلهامی ئینگلیزی ببات، جێبەجێ کاری ئەم ئەرکەش دیگۆ فۆرلانو ئەگوێرۆو سیماو دەبن، ئەتلەتیکۆ لەمێژوویدا ٩ جار بۆتە پاڵەوانی لالیگاو ٩ جاریش بۆتە پاڵەوانی جامی شای ئیسپانیاو لەساڵی ١٩٧٤ یشدا جامی ئنتەرکونتینونتالی بەرزکردەوە، بەڵام ئەم یانەیە نەیتوانیوە جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپاو جامی سوپەر بەدەست بهێنێ، لەبەرامبەردا یانەی ئەنتەر ١٨ جار جامی کالچیۆو ٣ جار جامی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپاو ٣ جار جامی یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپاو ٢ جار جامی ئنتەرکونتینونتال و ٦ جامی ئیتاڵیای بەرزکردۆتەوە، ڕۆژی هەینی دادێش هەوڵدەدات بۆ یەکەم جار لەمێژوویدا جامی سوپەری ئەورووپا بەرزبکاتەوە.

## لەسەر جامی گامبەری دامەزرێنەر...

# ئەمشەو پڵنگەکانی کاتالۆنیا ڕووبەڕووی یانەی میلان دەبنەوە



ئەمشەو لەکاتژمێر ١٠ی شەو هەردوو یانەی ناودار بەرشەلۆنەی ئیسپانیو ئەی سی میلانی ئیتاڵی لە یارییەکی دۆستانەداو لەسەر بەدەستهێنانی جامی گامبەر لە یاریگای کامب نیو بەیەك دەگەن، جۆهان گامبەر بە دامەزرێنەری یانەی بەرشەلۆنە دەژمێردرێتو بۆیە یانەی بەرشەلۆنە ساڵانێکە بۆ ڕێزلێنان لێی یارییەکی دۆستانە ڕێك دەخاتو براوەی ئەم یارییە جامی گامبەری پێ دەدرێ، لە یاری جامی ٢٠٠٨دا یاریزانانی ڕاهێنەر گواردیولا توانیان بە ئەنجامی ٢-١ لە یانەی بۆکاجۆنیۆرزی ئەرجەنتینی ببەنەوە، کاتێك پیۆلو ئیتۆ دوو گۆڵیان تۆمار کرد، وە لە ساڵی ٢٠٠٩شدا بەرامبەر یانەی مانچستەر ستی بەئەنجامی ١- ٠ دۆڕان. بەهەرحاڵ چاودێرانی تۆپی پێی ئەورووپی وای بۆ دەچن ئەمشەو هەردوو یانە یارییەکی یەکجار بەهێز پێشکەش بکەن ، پێشبینیش دەکرێ هەردوو یانە بە تەواوی ئەستێرە ناودارەکانیان یاری بکەن.

## ئەگەر جامی پریمەرلیگیش بەرز نەکەینەوە..

# سیسك فابریگاس: لەوەرزی دادێش ناگەڕێمەوە بۆ ریزی بەرشەلۆنە



دوای ئەوەی چەند ڕۆژێك لەمەو بەر چەند یاریزانێکی یانەی بەرشەلۆنە ڕایانگەیاند کە لەوەرزی دادێ سیسك فابریگاسی ئەستێرەی یانەی ئەرسناڵی لەندەنی دێتەوە ریزی یانەی بەرشەلۆنە، لەم بارەیەوە فابریگاس لەدیمانەیەکدا لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی sky sport گوتی: ئامادەنیم لەوەرزی دادێش ئەرسناڵ بەجێی بهێڵم، پاشان سیسك گوتی: ئەگەر ئەرسناڵ جامی پریمەرلیگیش بەدەست نەهێنێ ئەوا ریزەکانی بەجێ ناهێڵمو بەرەو هیچ یانەیەکی دیکە ناچم. شیاوی باسە فابریگاس لە ساڵی ٢٠٠٢ وە لە یانەی بەرشەلۆنەوە هاتە ریزی ئەرسناڵو لە ساڵی ١٩٨٧ لە بەرشەلۆنە لەدایکبووە، یانەی بەرشەلۆنە لە دوو مانگی ڕابردوو زۆری هەوڵدا ناوبراو بەزیاتر لە ٥٠ ملیۆن یۆرۆ بەرەو کامپ نیو بباتەوە، بەڵام هەوڵەکانی سەری نەگرت.